https://www.doi.org/10.31918/twejer.2031.2

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# بەبەرهەمیی گیرەکە وشەداڕێژەکانی چاوگ لە شێوەزاری هەورامیدا

م. دانا تحسین محمد

زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی پەروەردە- مەخمور

dana.mohammed@su.edu.krd

م. ی. ژینۆ بەختیار هاشم

زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی زمان

zhino.hasim@su.edu.krd

**پوختە:**

بەبەرهەمیی گیرەکە وشەدارێژەکانی چاوگ لە شێوەزاری هەورامیدا- ناونیشانی توێژینەوەکەمانە، ئامانج لە توێژینەوەکە نیشاندانی رادە و رێژەی بەبەرهەمیی گیرەکە وشەدارێژەکانی شێوەزاری هەورامییە لە رۆنانی چاوگی دارێژراودا، ئاخۆ کامە لەم پێشگر و پاشگرانە بەبەرهەمترن لە دروستکردنی وشەی نوێ(چاوگی دارێژراو)دا؟ ئایا پێشگرەکان یان پاشگرەکان بەبەرهەمترن لە دارشتنی چاوگی دارێژراودا؟ ئەم توێژینەوەیە لەژێر رۆشنایی رێبازی وەسفی پشتبەستوو بە ئامار ئەنجامدراوە. توێژینەوەکە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو باس پێکهاتووە، باسی یەکەم ئەم سەردێرانە دەگرێتەخۆ: پێناسەی گیرەک، جۆرەکانی گیرەکی وشەدارێژ، گیرەکەکانی شێوەزاری هەورامی، رێگاکانی دروستکردنی وشەی نوێ لە زمانی کوردیدا، جۆرەکانی چاوگ لە رووی پێکهاتەوە. باسی دووەمیش ئەم سەردێرانە دەگرێتەخۆ: پێناسەی بەبەرهەمی، کورتەیەک لەبارەی فەرهەنگی وشەنامە، بەبەرهەمیی گیرەکەکانی هەورامی. لەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێیگەیشتە ئەوەیە کە پێشگرەکانی شێوەزاری هەورامی بەبەراورد بە پاشگرەکانی شێوەزارەکە بەبەرهەمترن و رۆڵیان زیاترە لە دارشتنی چاوگی دارێژراو و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی شێوەزارەکەدا.

**وشە کلیلییەکان:** بەبەرهەمی، پێشگر، پاشگر، چاوگی دارێژراو، هەورامی.

# بەبەرهەمیی گیرەکە وشەدارێژەکانی چاوگ لە شێوەزاری هەورامیدا

## ١- پێشەکی:

### ١-١- گرنگیی توێژینەوەکە:

گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ژمارەی چاوگە دارێژراوەکانی شێوەزاری هەورامی، هەروەها دەستنیشانکردنی ڕادە و ڕێژەی بەبەرهەمی و ڕۆڵی گیرەکە وشەدارێژەکانی ئەم شێوەزارە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانیدا، بەپێی ڕێبازی وەسفی و پشتبەستوو بە ئامار خراوەتەڕوو. جگە لەمەش هەوڵی نیشاندانی شێوەی دەرکەوتنی هەر گیرەکێک لەم گیرەکانە دەدات.

### ١-٢- ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانج لە توێژینەوەکە نیشاندانی ڕادە و ڕێژەی بەبەرهەمیی گیرەکە وشەدارێژەکانی چاوگ لە شێوەزاری هەورامیدا لە ڕۆنانی چاوگی دارێژراو و وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەیە: ئاخۆ کامە لەم پێشگر و پاشگرانە بەبەرهەمترن لە دروستکردنی وشەی نوێ (چاوگی دارێژراو)؟ ئایا پێشگرەکان یان پاشگرەکان بەبەرهەمترن لە دارشتنی چاوگی دارێژراودا؟ ئایا هەموو گیرەکە وشەدارێژەکانی هەورامی بەشداری لە ڕۆنانی چاوگی دارێژراودا دەکەن یان نا؟

### ١-٣- ڕێبازی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوە لەژێر ڕۆشنایی ڕێبازی وەسفیی پشتبەستوو بە ئامار ئەنجامدراوە.

**١-٤- کەرەستەی توێژینەوەکە :**

لە لایەنی کارەکییەوە تەنیا داتاکانی فەرهەنگی (وشەنامە) وەک نموونەیەک بەکارهاتووە بۆ دەستنیشانکردنی ڕادە و ڕێژەی بەبەرهەمیی گیرەکە وشەداڕێژەکانی چاوگ لە هەورامیدا.

**١-٥- ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو باس پێکهاتووە، باسی یەکەم ئەم سەردێرانە دەگرێتەخۆ: پێناسەی گیرەک، جۆرەکانی گیرەکی وشەداڕێژ، گیرەکەکانی شێوەزاری هەورامی، ڕێگاکانی دروستکردنی وشەی نوێ لە زمانی کوردیدا، جۆرەکانی چاوگ لە ڕووی پێکهاتەوە. باسی دووەمیش ئەم سەردێرانە دەگرێتەخۆ: پێناسەی بەبەرهەمی، کورتەیەک لەبارەی فەرهەنگی وشەنامە، بەبەرهەمیی گیرەکەکانی هەورامی.

**باسی یەکەم: گیرەک لە زمانی کوردی:**

**١- پێناسەی گیرەک:**

هەر دانەیەکی زمانی بەپێی ئەو ئەرک و خاسیەتە زمانییەی کە هەیەتی، دەناسرێت و پێناسە دەکرێت. گیرەکیش بەپێی شێوەی دەرکەوتن و ئەرکیەوە بەم شێوەیە پێناسە دەکرێ:

(ئەو جۆرە مۆرفیمە بەندن و بە تەنها لە زماندا ئەرک و واتایان دەرناکەوێت، بەڵکو لەگەڵ وشە دەوری دیار و ئاشکرا دەبینێت و بەبێ بوونی ئەمانە وشە و ئاخاوتن پێک نایەت). (ڕەفیق شوانی:٢٠١١:٧٣)

گیرەکەکان لە زمانی کوردیدا بۆ دوو جۆر لە گیرەکی وشەدارێژ و گیرەکی ڕێزمانی بەپێی ئەرک و واتاکانیان دابەشکراون. (صباح رشید قادر:٢٠٠٠: ٥١)

## ا- گیرەکی ڕێزمانی:

گیرەکی ڕێزمانی جۆرێکە لە گیرەکی بەند، کە لە ئاستی ڕستەسازی ڕۆڵیان هەیە و دەچنە سەر وشە بەبێ ئەوەی واتای وشەکە بگۆڕن، جگە لەمەش پەیوەندییەکی ڕێزمانی لەگەڵ وشەکانی تری ناو ڕستە دەردەخات. (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ: ٢٠١٤: ٧٢). بە واتایەکی تر گیرەکی ڕێزمانی: (مۆرفیمێکە لە ئاستی ڕستەسازی ئەرک دەبینێت و دەچێتە سەر وشە و شێوەی دەگۆڕێت و ئەرکی ڕێزمانی پێ دەبەخشێت، واتا و پۆلی وشە ناگۆڕێت). (ڕەفیق شوانی:٢٠١١:٩٠)

## ب- گیرەکی وشەدارێژ:

ئەو مۆرفیمە بەندانەن کە ڕۆڵیان هەیە لە دارشتنی وشەی نوێ، وەک بەشێکیش لە وشە نوێیەکە دەچنە ناو فەرهەنگەوە. بە واتایەکی تر گیرەکی وشەدارێژ (ئەو مۆرفیمەی دەچێتە سەر ڕەگ یان بناغە، وشە بە واتای تازە و بە ناوەڕۆکی نوێ سازدەکات). (محەمەد عومەر عەول:٢٠١٠:٣١٧).

گیرەکی وشەدارێژیش بەوە دەناسرێتەوە کە:

١- زۆریان پۆلی وشە دەگۆڕن.

٢- بەشداری لە ڕۆنانی واتایی دەکەن.

٣- پــۆلێکی کــراوەن، بەوەی ژمارەیـــان لە گیرەکـــی ڕێزمـــانی زیاترە.(شیروان حوسێن خۆشناو:٧٦:٢٠١٦)

## ٢- جۆرەکانی گیرەکی وشەداڕێژ:

گیرەکە وشەداڕێژەکان بەپێی شوێنی دەرکەوتنیان دابەش دەبن، بۆ:

آ- پێشگر

ب- ناوگر

پ- پاشگر

آ- پێشگر:

ئەو مۆرفیمە بەندە وشـەداڕێژانەن کە بە پێشـەوەی وشـە دەنووسـێن یان  بە واتایەکی تر (ئەو مۆرفیمە بەندانەن، کە بە پێشـی وشـەوە دەلکێن، ڕواڵەت و نـاوەرۆکی وشــە دەگـۆڕن و دەوری ڕۆنـانی وشــە دەبیـنن). ( ئەورحمانی حاجی مارف:٣٦:١٩٧٧)

ب- ناوگر:

(ئەو ئەفێکسـەیە کە لەنـاو ڕەگدا دەردەکەوێ، واتە ئەو گیـرەکەیە کە ڕەگ دەسمێ و دەچنە ناو ڕەگ). ( وریا عومەر ئەمین:١١٩:٢٠٠٤) بە ڕای زۆربەی زمـانەوانی کـورد نـاوگر لە زمـانی کـوردی بـوونی نیـیە، بـۆیە ئێمەش لەم باسـەماندا پشتگوێی دەخەین.

پ- پاشگر:

ئەو مۆڕفیمە بەندەیە کە بە کۆتایی وشەوە دەنووسێت، ڕواڵەت و ناوەرۆکی وشە دەگۆڕێ و دەوری ڕۆنانی وشە دەبینێ. ( ئەورەحمان حاجی مارف:١٩٧٧:٣٧)

یەکێک لە خاسیەتەکانی پاشگر ئەوەیە؛ کە هێز ڕادەکێشن، واتا هێز لە وشەی ناسادە زیاتر دەچێتە سەر پاشگرەکان، دەشێ ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەو واتا نوێیەی کە مۆڕفیمە بەندەکە دەیخاتە سەر مۆڕفیمە سەربەخۆیەکە. (عەبدووەهاب خالید موسا:٢٠٠٩:٦٨)

**٣- گیرەکەکانی شێوەزاری هەورامی:**

گیرەکەکان بەپێی ئەرکەکانیان لە شێوەزاری هەورامی دەبنە دوو جۆر:

١- گیرەکە ڕێزمانییەکان

٢- گیرەکە وشەداڕێژەکان

**١- گیرەکە ڕێزمانیەکان:**

ئەو گیرەکانەن کە ڕۆڵی (ناساندن، نەناسراوی، خستنەسەر و...هتد) دەبینن. لە خاسیەتەکانیشیدا ئەوەیە کە مۆڕفیمێکی شێوەگۆڕە نەک واتاگۆڕ. وەک:

پیا + ەکە ← پیاکە (پیاوەکە).

کور + ەکە + یْ ← کورەکیْ (کوڕەکان).

### ٢- گیرەکە وشەدارێژەکان:

گیرەکە وشەدارێژەکان بەپێی شوێنی دەرکەوتن و لکانیان بە وشەوە، دەبنە دوو جۆر:

آ- پێشگر ب- پاشگر

### آ- پێشگر:

لە هەورامیدا کۆمەڵێک پێشگر هەن، کە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە دارشتنی وشەدا هەیە، ژمارەشیان لە پاشگرەکان زیاترە، لە ڕووی پێکهاتەوە دەکرێن بە دوو جۆرەوە:

١- پێشگرە سادەکان

٢- پێشگرە ناسادەکان

١- پێشگرە سادەکان:

ئەو پێشگرانەن کە لە ڕووی پێکهاتەوە تەنها لە یەک مۆرفیم پێکهاتووە، بە پێشەوەی وشەکان دەلکێن. پێشگرەکانیش ئەمانەن:

### آ- پێشگرە سادەکان:

١- هوڕ(ور)-

٢- ئەرە-

٣- وەر-

٤- بەر-

٥- پنه-

٦- ئەنه (نه،ەنه)-

٧- چنه-

٨- لا-

٩- پەک-

١٠- ونه- (سالم حەسەن عزیز:٢٠١٦:٣١).

**ب- پێشگره ناسادەکان:**

ئەو پێشـگرانەن کە لە ڕووی ئەرکەوە بەشـێوەی یەک مـۆڕفیم کـار دەکەن، بەڵام لە ڕووی پێکهـاتن و واتـاوە لە بنەڕەتـدا لە دوو مـۆڕفیم پێکدێن، وەک:

١- پنەدا- (پێدا)

٢- چنه ئەره- (لێدا)

٣- پوْوه- (پێوه)

٤- پیک- (پێک)

٥- تیک- (تێک)

٦- جەیوْ- (لێک)

٧- پوْره- (پێدا) (مهاباد کامل عبدالله، ١٩٩٦: ٧٨)

**ب- پاشگرەکان:**

ئەو گیرەکانەن کە دەچنە سەر دواوەی وشە، لە شێوەزاری هەورامی ژمارەی ئەو پاشگرانەی کە دەچنە سەر چاوگ و کار لەچاو پێشگرەکان کەمترن. پاشگرەکانیش ئەمانەن:

١_ -ەرە

٢_ -نە

٣_ -وْ

٤_ -نای (سالم حەسەن عزیز:٢٠١٦:٣٢)

**٤- ڕێگاکانی دروست کردنی وشەی نوێ لە زمانی کوردیدا:**

زمانە سروشتییەکان بە کۆمەڵە ڕێگایەک هەوڵدەدەن پێداویستیی ئاخێوەرانی زمانەکانیان پڕ بکەنەوە و وشەی نوێ دروست بکەن، لەبەرئەوەی ژیان و دەوروبەری مرۆڤ بەردەوام لە گۆڕاندایە، بۆیە زمانەکان هەوڵیانداوە بە هەندێ ڕێگا خۆیان لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانە بگونجێنن.

ڕێگاکانی دروست کردنی وشە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- دارشتن ٢- داتاشین ٣- لێکدان ٤- کرتاندن و لێکدان ٥- زرەڕێژ

٦- وەرگێڕان   ٧- وەرگرتن   ٨- ئەکرۆنیم (عەبدولواحید موشیر دزەیی:٢٠١٢:٨٩-٩٢)

٩- میتافۆر   ١٠- دووبارەکردنەوە   ١١- کورتکردنەوە (شیروان حوسێن خۆشناو:٢٠١٦:١٣٥)

دارشتن بە یەکێک لە گرنگترین و سەرەکیترین ڕێگا دادەنرێ بۆ دروستکردن و وەبەرهێنانی وشەی نوێ، کە تێیدا گیرەکەکان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن و بەشداری دەکەن لە دروستکردنی وشەی نوێ.

## ٥- جۆرەکانی چاوگ لە ڕووی پێکهاتەوە:

چاوگ وەک بەشێک لە بەشەکانی ئاخاوتن بەوە پێناسە دەکرێت، کە: (ناوی کردارێکی گشتی دەبەخشێت و نەبەستراوە بە کەس و کاتەوە و گەردان ناکرێت، سەرچاوەی دارشتنی کارە). (رفیق شوانی، ٢٠٠١:١١٨)

چاوگ لە ڕووی پێکهاتەوە لە زمانی کوردیدا، سێ جۆری هەیە:

١- چاوگی سادە: ئەو چاوگەیە کە تەنها لە یەک وشەی سادە پێکهاتووە و هیچ زیادەیەکی وەک پێشگر و پاشگری پێوەنییە.

هەندێ لە زمانەوانەکان لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە باوەڕیان بە بوونی چاوگی سادە و کاری سادە نییە، بەڵکو چاوگ و کاری سادە، بە چاوگ و کاری داڕێژراو دادەنێن، بۆ نموونە: کاری دەخۆم ← دە+ خۆ+ م

ئەم کارە لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە لە (٣) مۆرفیم پێکهاتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕیان وایە، کە ئەم کارانە لە ڕووی ڕستەسازییەوە وەک کاری سادە کار دەکەن. (محەمەد مەعرووف فەتاح:٢٠١٠:٢٤٣-٢٤٤) بۆیە ئێمەش بەپێی ئەم بۆچوونە کار دەکەین و چاوگیش هەمان مامەڵەی

کـاری لەگەڵ دەکـرێ، چـونکە بـاوەڕ وایە، کە کـار لە چـاوگ وەرگیـراوە. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٢٠١٤:١٢٤)

٢- چاوگی دارێژراو: ئەو چاوگەیە کە لە چاوگێکی سادە و پێشگرێک یاخود پاشگرێک پێکهاتووە، بە مەرجێک واتایەکی تازە دابێنێت. (لیژنەی زمـان و زانسـتەکان:٢٠١١:٢٣٠-٢٣٣) بەڵام ئەم پێناسـەیە دەکـرێ بەوە فـراوان بکـرێ، کە مەرج نیـیە بە تەنهـا لە چـاوگێکی سـادە و پێشـگرێک یاخود پاشگرێک پێکهاتبێت، بەڵکو دەکرێ بڵێین هەندێ جار لە چاوگێکی دارێـژاو و مـۆرفیمێکی وشـەدارێژ پێکهـاتووە. بـۆ نمـوونە: شـکان+ اندن ← شکاندن.

دا+ شکاندن ← داشکاندن.

ئەگەر سەیری (شکاندن) بکەین، ئەوا دەبینین کە لە چاوگێکی سادە و پاشـگرێک پێکهـاتووە. هەروەهـا (داشـکاندن) لە پێشـگرێک و چـاوگێکی دارێژراو پێکهاتووە.

٣- چاوگی لێکدراو: ئەو چاوگەیە کە لە چاوگێکی سادە یان دارێژراو و وشەیەکی تر پێکهاتووە. بە پشتبەسـتن بەو بۆچـوونەی کە دەڵـێ: چاوگ و کاری سادە لە زمانی کوردیدا نییە، دەتوانین چاوگ لە زمانی کوردیدا بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێنبکەین:

١- چاوگی بنەڕەت: ئەو چاوگەیە کە لە ڕووی بەکارهێنان و ئەرکی ڕستەسازی وەک یەکەیەکی یەککگرتوو و سادە بەکاردێت، بەڵام لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە لە (٣) مۆرفیمی (ڕەگ و کات و (ن)ی چاوگ) پێکهاتووە.

٢- چـاوگی دارێـژراو: ئەو چـاوگەیە کە لە چـاوگێکی بـنەڕەت یـان دارێژراو و پێشگرێک یان پاشگرێک، پێکهاتووە.

٣- چاوگی لێکدراو: ئەو چاوگەیە کە لە چاوگێکی بنەڕەت یان داڕێژراو و وشەیەکی تر پێکهاتووە.

**باسی دووەم: بەبەرهەمیی گیرەکە وشەداڕێژەکانی چاوگ لە شێوەزاری هەورامیدا**

**١- پێناسەی بەبەرهەمی:**

بەبەرهەمـی، ڕێـژەی توانـای کەرەسـە زمانییەکـان لە بەرهەمهێنـانی کەرەسـەی نـوێ بەپێـی ڕێسـا و یاسـاکانی زمـانەکە دەگەیەنێـت. کەواتە (بەبەرهەمی توانای زمانە مرۆییەکانە بۆ بەکارهێنانی هۆکاری سنووردار لەپێناو داهێنانی ژمارەیەکی دیارینەکراو و بێسنوور لە دەربڕاو، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکاندا بەبەرهەمی وەک ئادگارێکی مۆرفۆلۆژییـانە دانـراوە). (نەرمـین عـومەر ئەحـمەد:٢٠١٠:١٠) واتە بەبەرهەمـی لە هەمـوو ئاسـتەکانی زمـان بەرچـاو دەکەوێ بەڵام ئەم پرۆسـەیە زیـاتر لە ئاسـتی مۆرفۆلـۆژی بەرچـاو دەکەوێ. هەروەهـا فـرۆمکین بەم شـێوەیە پێناسـەی بەبەرهەمـی کـردووە: (بەبەرهەمـی ئامـاژەکردنە بە هەمـوو ئەو یاسـا مۆرفۆلۆژییـانەی، کە دەتـوانرێ بە شێوەیەکی ئازاد بەسەر هەموو فۆرمەکان جێبەجێ بکرێن، بە مەبەستی پێکهێنـانی وشـەی نـوێ). (دلێـر سـادق کـانەبی و سـامی حوسـێن قادر:٢٠١٨:٦١)

بەبەرهەمی یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی تەنها ئەو وشانە لە فەرهەنگدا کە بە بنەچە وشەساز (Lexeme Formation) ناو دەبـرێن، تۆمـاربکرێن. بـنەچە وشەسـاز بەو وشـانە دەگوترێـت کە بە پرۆسەی داڕشتن دروست دەبن. (سەعید کەرەمی:١٣٩٦:٥٢)

## ٢- کورتەیەک لەبارەی فەرهەنگی وشەنامە:

ئەم فەرهەنگە لەلایەن جمال حبیب اللە فرج دانراوە و تایبەتە بە هۆرامی و کوردیی ناوەڕاست، ئەم فەرهەنگە لە ساڵی ٢٠١٠ بە قەبارەی ١١٤٧ لاپەڕە لە هەولێر چاپکراوە. داتاکانی فەرهەنگەکە لە هەر لاپەڕەیەک بە شێوەی دوو ستوون دانراوە، داتاکانیشی بریتین لە: (وشە، فرێز)، چاوگە داڕێژراوەکانی شێوەزاری هەورامیش وەک بەشێک لە وشە لەناو فەرهەنگەکە خراونەتەڕوو، کە ژمارەکەیان (٣٧٤) چاوگە و بەهۆی پێشگر و پاشگرەکانی ئەم شێوەزارە بەرهەمهێنراون.

## ٣- بەبەرهەمیی گیرەکەکانی هەورامی:

پێشگر و پاشگرەکانی شێوەزاری هەورامی وەکو گیرەکەکانی شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی ڕۆڵێکی گرنگیان لە داڕشتنی وشەی نوێ و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانیدا هەیە. بۆ نموونە ئەم گیرەکانە توانیویانە بەشداری لە بەرهەمهێنانی (٣٥٤) چاوگی داڕێژراو بکەن و فەرهەنگی زمانی دەوڵەمەند بکەن.

پێشگر و پاشگرە هەورامییەکان، سەرەڕای ئەوەی هەموویان بەیەکەوە بەبەرهەمن و توانای ئەوەیان تێدایە کە ژمارەیەکی زۆر لە وشەی نوێ (چاوگی نوێ) بەرهەمبهێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموویان بەیەک ئەندازە ڕۆڵیان نییە لە ڕۆنانی وشەی نوێ (چاوگی داڕێژراو)، بەڵکو هەریەکەیان بە ئەندازەیەک بەشداری دەکەن لە ڕۆنانی چاوگی داڕێژراو و هەشیانە بە هیچ شێوەیەک بەشداری لە ڕۆنانی چاوگی داڕێژراودا ناکات، وەک: (پیک، چنە ئەرە، پنەدا)، بەڵکو ئەمانە بەشداری لە ڕۆنانی بەشەکانی تری ئاخاوتن دەکەن.

ئەو گیرەکانەی کە بەشداری لە دارشتنی چاوگی دارێژراو دەکەن، بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- پێشگرەکان: (هۆر، ونە، پنە، چنە، بەر، وەر، ئەوە، ئەرە، ئەنە، پەک، لا، تیک، جەیوْ، پوْوە، پوْرە)

٢- پاشگرەکان: (وْ، ەرە، ەنە، نای)

### ٣-١: پێشگرەکان:

هەر پێشگرێک لە پێشگرەکانی شێوەزاری هەورامی بە ئەندازەیەکی جیاواز ڕۆڵیان لە دارشتنی چاوگی دارێژراودا هەیە، بەوەی هەندێکیان بەبەرهەمترن لەچاو ئەوانی تر. بۆ نموونە پێشگری (-هوْر) لە هەموو پێشگرەکانی تر بەبەرهەمترە.

### ٣-١-١: پێشگری (هوْر):

پێشگری (هوْر) کە بە واتایی (هەڵ) دێ، ئەم پێشگرە لە هەندێ حاڵەت بەهۆی لەناوچوونی دەنگی (هـ) بە شێوەی (وْر) دێ. ئەم پێشگرە دەچێتە سەر هەردوو چاوگی بنەڕەت و دارێژراو و چاوگێکی نوێی دارێژراو دروستدەکا. وەک:

١- هوْر + چاوگی بنەڕەت ← چاوگێکی دارێژراو.

هوْر + دای ← هوْردای (هەڵدان).

٢- هوْر+ چاوگی بنەڕەت ← چاوگێکی دارێژراو.

هوْر+ کڕنای ← هوْرکڕنای (هەڵکڕاندن).

ئەم پێشــگرە بە بەبەرهەمتــرین پێشــگرەکانی شــێوەزاری هەورامــی دادەنرێــت، بەوەی (٥١) چــاوگی داڕێــژراوی بەرهەمهێنــاوە، بە ڕێــژەی (٩٢,١٩٪)ی چاوگەکان. وەک لەم خشتەی خوارەوە نیشاندراوە.

| | | |
|---|---|---|
| هۆرگیسنای (هەڵگیرساندن) | هۆرکڕنای (هەڵکڕاندن) | هۆرگرتەی (هەڵگرتن) |
| هۆرکیشای (هەڵکێشان) | هۆرتەکنای (هەڵتەکاندن) | هۆروەستەی (هەڵگەڕان) |
| هۆرگڕیای (هەڵگیرسان) | هۆرچکنای (هەڵچۆڕاندن) | هۆرشیەی (هەڵچوون) |
| هۆرگیرتەی (هەڵگیران) | هۆرچنیەی (هەڵچنین) | هۆرکیشتەی (هەڵکێشان) |
| هۆردای (هەڵدان) | هۆرقلیشیای (هەڵقڵیشان) | هۆرگێلای (هەڵگەڕان) |
| هۆرکولۆزنای (هەڵکلۆزاندن) | هۆردڕیەی (هەڵدڕین) | هۆر خشنای (هەڵکشاندن) |
| هۆرئاردەی (هەڵهێنان) | هۆرسوریای (هەڵسوران) | هۆروازنای (هەڵواسین) |
| هۆربەردەی (هەڵبرین) | هۆرخشیای (هەڵکشان) | هۆروچنای (هەڵبژاردن) |
| هۆرئەوەدای (هەڵدانەوە) | هۆرئاویزنای (هەڵپەساردن) | هۆرکەردەی (هەڵکردن) |
| هۆرئەوەویلیای (هەڵگەڕانەوە) | هۆرئەوەدای (هەڵدانەوە) | هۆرگیریای (هەڵگیران) |
| هۆرئەوەڕووشکیای(هەڵوەشانەوە) | هۆرقرچنای (هەڵقرچاندن) | هۆرلوشتەی (هەڵلوشین) |
| هۆرپڕچیای (هەڵپچڕان) | هۆرقورنای (هەڵقۆڕاندن) | هۆرماسای (هەڵئاوسان) |
| هۆرپیتەی (هەڵپێچان) | هۆرمتەی (هەڵڕشتن) | هۆرمالای (هەڵماڵین) |
| هۆرئەوەشانای (هەڵوەشاندنەوە) | هۆربییەی (هەڵچون) | هۆرکۆتەی (هەڵکەوتن) |
| هۆرئەوەئیزنای (هەڵساندنەوە) | هۆرپڕای (هەڵپەڕین) | هۆرکوای (هەڵکوتان) |
| هۆرئەوەسوورنای(هەڵسوورانەوە) | هۆربینیای (هەڵبەستن) | هۆرئامای (هەڵهاتن) |
| هۆر پرچنای (هەڵپچڕاندن) | هۆرپڕنای (هەڵپەڕاندن) | هۆرپیکای (هەڵپێکان) |

### ٣-١-٢: پێشگری (ئەوە)

ئەم پێشگرە کە بە واتایی پاشگری (-ەوە) دێ لە کرمانجی ناوەڕاست، لە شێوەزاری هەورامیدا، ئەم پێشگرە دەچێتە سەر هەر دوو چاوگی بنەڕەت و داڕێژراو بۆ بەرهەمهێنانی چاوگێکی نوێی داڕێژراو. وەک:

١- ئەوە+ چاوگی بنەڕەت ← چاوگی داڕێژراو.

ئەوە+ ژلیویای ← ئەوەژلیویای

٢- ئەوە+ چاوگی داڕێژراو ← چاوگی داڕێژراو

ئەوە+ کولنای ← ئەوەکولنای

| | | |
|---|---|---|
| ئەوەژلیوپای (جووڵانەوە) | ئەوە پرای (پەڕینەوە) | ئەوە بیەی (بوونەوە) |
| ئەوەکولیای (کولانەوە) | ئەوە پرنای (پەڕاندنەوە) | ئەوە کەردەی (کردنەوە) |
| ئەوەکیشای (کێشانەوە) | ئەوەکولنای (کولاندنەوە) | ئەوە ئاستەی (هێشتنەوە) |
| ئەوەکیشیای (کشانەوە) | ئەوەکەندەی/ لێکردنەوە | ئەوە سانای/سەندنەوە |
| ئەوەگرتەی (گرتنەوە) | ئەوەکیانای (ناردنەوە) | ئەوە ئیستەی (دۆزینەوە) |
| ئەوە هۆر ئیستەی (هەڵسانەوە) | ئەوەونەی (خوێندنەوە) | ئەوە بەردەی (بردنەوە) |
| هۆر ئەوەدای (هەڵدانەوە) | ئەوە هۆر ئیزنای(هەڵساندنەوە) | ئەوە بەستەی (بەستنەوە) |
| ئەوەژوولنای (جووڵاندنەوە) | ئەوەبریژنای (برژاندنەوە) | ئەوە تاسیای(تاسانەوە) |
| ئەوەژیوای (ژیانەوە) | ئەوەزنیەی (سەرهەڵدانەوە) | ئەوەتاونای (تواندنەوە) |
| ئەوەسووریای (سوورانەوە) | ئەوەشنیای (لەڕینەوە) | ئەوەدای (دانەوە) |
| ئەوەخولنای (خولاندنەوە) | ئەوەکریای (کرانەوە) | ئەوە پوچیای (پوکانەوە) |
| ئەوەئاردەی (هێنانەوە) | ئەوە تاونای (توانەوە) | ئەوە پیکنای (هۆنینەوە) |

ئەم پێشگرە لە دوای پێشگری (هور) بە بەبەرهەمترین پێشگر لە پێشگرەکانی شێوەزاری هەورامی دادەنرێت، بەوەی (٣٦) چاوگی داڕێژراوی بەرهەمهێناوە، کە دەکاتە (٨٩,١٤٪)ی چاوگە داڕێژراوەکان.

### ٣-١-٣: پێشگری (ونە):

پێشگری (وەنە یان ونە) لە کرمانجی ناوەڕاست بە واتایی (لێ) دێ، هەروەکو پێشگری (هور، ئەوە) دەچێتە سەر هەردوو چاوگی بنەڕەت و داڕێژراو، توانیویەتی (٣٣) چاوگی داڕێژراو بەرهەمبهێنێ، کە دەکاتە (٨٩,١٢٪)ی چاوگە داڕێژراوەکانی ناو فەرهەنگەکە. ئەو چاوگانەی کە بە (وەنە) بەرهەمدەهێرێن، بریتین لەمانەی خوارەوە:

| | | |
|---|---|---|
| وەنەخشیای (لێ خشان) | ونەوستەی (لێ خستن) | وەنەکریای (لێ کران) |
| ونەخوریەی (لێ خورین) | وەنەگیرتەی (لێ گرتن) | ونەگیڵیای (لێ گەڕان) |
| وەنەخشنای (لێ خشاندن) | وەنەکەردەی (لێ کردن) | ونەبیەی (لێ بوون) |
| وەنە گیریای (لێ گیران) | ونەلاڵیای (لێ پاڕانەوە) | ونەدڕیای (لێ دڕان) |
| ونەپەرسای (لێ پرسین) | وەنەبینای (لێ بەستن) | ونەدریای (لێدران) |
| وەنە ئەوە کەردەی (لێ کردنەوە) | ونە پریای (لێ پڕان) | ونەدای (لێ دان) |
| ونەشیەی (لێ ڕۆیشتن) | ونەکەردەی (لێ کردن) | ونەگیڵای(لێ گەڕان) |
| وەنەفاڕیای (لێ گۆڕین) | ونەتەقنای (لێ تەقاندن) | ونەزنیای(لێ دەرهاتن) |
| وەنەتورنای (لێ تۆراندن) | ونە کوتەی (لێکەوتن) | وەنە ئامای (لێ هاتن) |
| وەنەتوریای (لێ تۆران) | وەنەشیویای(لێ شێوان) | ونەنیای (لێ نان) |
| وەنەشیونای (لێ شێواندن) | وەنەشییەی (لێ چوون) | وەنەفاڕای (لێ گۆڕین) |

## ٣-١-٤: پێشگری (-ئەرە):

ئەم پێشگرە لە کرمانجی ناوەڕاست بە واتای (دا، ڕا) دێ. ئەم پێشگرە لە شێوەزاری هەورامیدا (٣٢) چاوگی بەرهەمهێناوە، واتە بە ڕێژەی (٥٠,١٢٪) بەشداری کردووە لە بەرهەمێنانی چاوگە داڕێژراوەکان. هەروەک لەم خشتەی خوارەوە خرایتەڕوو:

| | | |
|---|---|---|
| ئەرەپڕیەی (داپڕین) | ئەرەوزتەی (داخستن) | ئەرەڕێزای (داڕزین) |
| ئەرە ئاردەی (داهێنان) | ئەرەتاشای (داتاشین) | ئەرەتەکیای (داتەکان) |
| ئەرە ئامای (ڕاهاتن) | ئەرەتەپای (داتەپین) | ئەرەتەپنای (داتەپاندن) |
| ئەرە ئێژیای (داکشان) | ئەرەتەکنای (داتەکاندن) | ئەرەکوای (داکوتان) |
| ئەرە پڕیای (داپڕان) | ئەرەڕێزنای (داڕزاندن) | ئەرەکۆتەی (داکەوتن) |
| ئەرەبەستەی (دابەستن) | ئەرەشانای (داوەشاندن) | ئەرەکیشتەی (ڕاکێشان) |
| ئەرەپوژنای (داپۆشین) | ئەرەشنیای (داوەشان) | ئەرەکێشیای (ڕاکشان) |
| ئەرەگرتەی (داگرتن) | ئەرەوەزنای (دابەزاندن) | ئەرەوەزیای (دابەزین) |
| ئەرەماڕای (داشکاندن) | ئەرەئاوردەی (ڕاهێنان) | ئەرەماڵای (داماڵین) |
| ئەرەمدرای (ڕاوەستان) | ئەرەمدرنای (ڕاوەستاندن) | ئەرەمەڕیای (داشکان) |
| ئەرەورای (داڕووخان) | ئەرەورنای (داڕووخاندن) | |

پێشگری (ئەرە) پاشگرێکی بە هەمان واتا و ئەرکەوە لە شێوەزاری هەورامیدا هەیە، تەنیا ئەوە نەبێ؛ لەبەر بوونی (ی) نیشانەی چاوگ لە شێوەزاری هەورامیدا ئەوا شێوەی گیرەکەکە دەبێتە (-ەرە) و دەنگی (ئـ- هەمزە) لەناو دەچێ. بۆ نموونە:

ئەرە ئامای (ڕاهاتن) ، ئامایەرە (ڕاهاتن).

ئەم دیاردەیە هەر تەنها لە شێوەزاری هەورامیدا نییە، بەوەی گیرەکێک هەم بە پێشگر و هەم بە پاشگر بە هەمان ئەرک و واتاوە دەربکەوێ، بەڵکو لە زمانی ئاڤێستاشدا ئەم شێوە گیرەکەمان بەرچاو دەکەوێ. وەک گیرەکی (ە، بەر) کە دەتوانن وەک پێشگر و پاشگر بەهەمان واتا و ئەرکەوە بەکاربێن. (هاشم رضی، ١٣٦٨: ٥٢-٧١)

### ٣-١-٥: پێشگری (-پنە):

پێشگری (پنە یان پەنە)، ئەم پێشگرە لە کرمانجی ناوەڕاست بە واتایی (پێ) دێ. ئەم پێشگرە (٢٤) جار بەشداربووە لە ڕۆنانی چاوگی

داڕێژراو، کە دەکاتە (٣٨,٩٪)ی چاوگە داڕێژراوەکانی ناو فەرگەنگەکە. ئەم پێشگرە تەنیا دەچێتە سەر چاوگی بنەڕەت.

| | | |
|---|---|---|
| پەنە کەردەی (ڕێکردن ) | پنەگیریای (پێ گیران) | پنەقوزای (پێ کۆکین) |
| پنە ئاستەی (ڕێهێشتن) | پنە شییەی (پێ چوون) | پنەفاڕای (پێ گۆڕین) |
| پنەیاوای (ڕێگەیشتن) | پنە ئاخەنای (پێ ئاخنین) | پنەمەنەی (پێ مان) |
| پنەیاونای (ڕێگەیاندن) | پنەئەسپارای (پێ سپاردن) | پنە کەردەیرە (ڕێداکردن) |
| پنە دای (ڕێدان) | پنە واتەی (پێ گووتن) | پنەکۆتەی (پێ کەوتن) |
| پنەکریای (پێ کران) | پنە وجارای (پێ بژاردن) | پنە گرتەی (پێ گرتن) |
| پنەپریای (پێ پران) | پنەزانای (پێ زانین) | پنەکویای (پێ کوتان) |
| پنە بییەی (پێ بوون) | پنەهۆردای (پێ هەڵدان) | پنە کیشای (پێ کێشان) |
| ئاستەی پنە (ڕێهێشتن) | | |

ئەم پێشگرەش وەک پێشگری (ئەرە) هەمان خاسیەتی ئەوەی تێدایە کە دەتوانێ لە هەندێ حاڵەتدا وەکو پاشگریش بە هەمان واتا و ئەرکەوە دەرکەوێ و لە فەرهەنگیشدا بە هەردوو شێوەکە تۆمار کراوە. وەک:

پنە ئاستەی ← ئاستەی پنە، کە بەواتای (پێهێشتن) دێن.

**٣-١-٦: پێشگری (چنە):**

پێشگری (چنە یان چەنە) لە کرمانجی ناوەڕاستدا بە دوو واتا دێ، یەکەمیان بە واتای گیرەکی سادەی (لێ) دێ ، دووەمیان بە واتای گیرەکی ناسادەیی (تێدا) دێ.

پێشگری چنە دەتوانێ وەک پێشگر و پاشگریش بە هەمان ئەرک و واتاوە لەگەڵ مۆرفیمی تەوەرە بەکاربهێنرێت و بەشداری لە ڕۆنانی (٢٠) چاوگ دەکات، بە ڕێژەی (٨١,٧ %)ی چاوگە داڕێژراوەکان.

ا- چنه به واتای (لێ):

| | | |
|---|---|---|
| چەنە بییەیو (لێبوونەوە) | ئامای چنە (لێهاتن) | چەنەتەقای (لێ تەقین) |
| چەنە تورنای (لێ تۆراندن) | چەنەبەرئاردەی (لێ دەرهینان) | چەنەکەردەی (لێ کردن) |
| پریای چنە (لێ پران) | چەنە بییەی (لێبوون) | چەنەلوای (لێ چوون) |
| چنەهۆرستەی (لێ هەستان) | چەنە تورپای (لێ تۆران) | چەنەتەقنای (لێ تەقاندن) |
| چنەپریەی (لێ پرین) | چەنەدڕیای (لێ دڕان) | چەنەکەردەیو (لێ کردنەوە) |
| چەنە ترسای (لێ ترسان) | چەنە ترسنای (لێ ترساندن) | |

ب- چنه به واتای (تێدا):

| | | |
|---|---|---|
| چنەمەنەی (تێدامان) | چنە ئاستەی (تێداهێشتن) | ئاستەی چەنە/ تێداهێشتن |

ئەوەی لەم پێشـــــگرە بەرچـــــاو دەکەوێ، ئەوەیە کە زۆربەی ئەو چاوگـــانەی کە بەرهەمـــی دەهێنێـــت زیـــاتر لە ئەنجـــامی پڕۆســـەیەکی مۆرفۆسینتاکسییەوە دروست بووە.

### ٣-١-٧: پێشگری (ئەنە):

پێشگری (ئەنە) لە کرمـانجی ناوەڕاست بە زۆری بە واتـای (تـێ) دێ، تەنیا لە یەک حاڵەت نەبێ کە بە واتای (دا) دێ. ئەم پێشگرە تەنیا دەچێتە سەر چاوگی بنەڕەت بۆ بەرهەمهێنانی چـاوگی داڕێژراو. ئەم پێشـگرە بە ڕێژەی (٦٩,٤٪) چـاوگی داڕێژاوی بەرهـەمهێنـاوە، کە دەکـاتە (١٢) چـاوگی داڕێژراو.

| | | |
|---|---|---|
| ئەنەپڕیەی (تێ پڕین) | ئەنەبەردەی (تێ بردن) | ئەنەوەردای (تێ بەردان) |
| ئەنەئاخنیەی (تێ ئاخنین) | ئەنەچەقنای (تێ چەقاندن) | ئەنەیاوای (تێ گەیشتن) |
| ئەنەئاوردەی (داهێنان) | ئەنەکەردەی (تێ کردن) | ئەنەیاونای (تێ گەیاندن) |
| ئەنەپڕیای (تێ پڕان) | ئەنەلوای (تێچوون) | ئەنەنیای (تێ خستن) |

ئەم پێشگرە (ئەنە) پاشگرێکی بە هەمان ئەرک و واتا و فۆڕمی لە شێوەزاری هەورامی هەیە، ئێمە وای بۆ دەچین کە ئەم پێشگرە لە بنەڕەتدا پاشگر بووە، دواتر وەکو پێشگر بەکارهاتووە، بە بەڵگەی ئەوەی ژمارەی بەکارهێنانی وەک پاشگر زیاترە لە بەکارهێنانی وەک پێشگر.

## ٣-١-٨: پێشگری (پۆوە):

پێشگری (پۆوە) پێشگرێکی ناسادەیە، لە پێشگر (پنە) کە بە واتای (پێ) دێ و پاشگری (و یان وە) کە بە واتای (وە) دێ، پێکهاتووە. (سالم حەسەن عزیز، ٢٠١٦: ٣٦:)

ئەم پێشگرە ناسادەیە لە زۆربەی کاتدا لە کاتی گۆکردن و بەکارهێنانیدا پاشگری (وە) دەسوێ، بەڵام واتاکەی خۆی لە دەست نادا. پێشگری پۆوە (١١) چاوگی بەرهەمهێناوە، واتە بە ڕێژەی (٣٠,٤٪) بەشداری لە ڕۆنانی چاوگی داڕێژراودا کردووە.

| | | |
|---|---|---|
| پۆوە دای (پێوەدان) | پۆلکای (پێوەلکان) | بیەی پۆ (پێوەبون) |
| پۆنیای (پێوەنان) | پۆکەردەی (پێوەکردن) | ئاستەی پۆوە (پێوە هێشتن) |
| پۆلکنای (پێوەلکاندن) | پۆوە لوای (پێوەچوون) | ئامای پۆ (پێوە هاتن) |
| پۆوە گرتەی (پێوەگرتن) | پۆوە کەردەی (پێوەکردن) | |

### ٣-١-٩: پێشگری (بەر):

ئەم پێشـــگرە، کە بە واتـــای (دەر) دێ، (١٠) جـــار بەشـــداری لە بەرهەمهێنانی چاوگە داڕێژراوەکاندا کردووە، کە (٩١،٣٪)ی ڕێژەی چاوگە بەرهەمهێنراوەکانە.

| | | |
|---|---|---|
| بەرئاماى (دەرهاتن) | بەرکۆتەى (دەرکەوتن) | بەرشیەى (دەرچوون) |
| بەرکەردەى (دەرکردن) | بەرپرناى (دەرپەڕاندن) | بەرشنیەى (دەرچوواندن) |
| بەرئاردەى (دەرهێنان) | بەروستەى (دەرخستن) | بەرکریای (دەرکران) |
| بەرپڕای (دەرپەڕین) | | |

### ٣-١-١٠: پێشگری (پۆرە):

پێشگری پۆرە هەروەک پێشگری (پوْوە) پێشگرێکی ناسادەیە، بەڵام لە ڕووی پێکهاتەوە لە پێشگری (پوْوە) جیاوازترە، بەوەی لە دوو پێشگر پێکهاتووە، کە بریتین لە پێشگری (پنە) کە بە واتای (پێ) دێ و پێشگری (ئەرە) کە بە واتای (دا) دێ.

ئەم پێشگرە توانیویەتی (٨) جار بەشداری لە بەرهەمهێنانی چاوگی داڕێژراودا بکات، کە لە سەدا (١٣،٣٪)ی چاوگە داڕێژراوەکان پێکدێنێ.

| | | |
|---|---|---|
| ئاستەى پۆرە (پێداکردن) | پۆرە وزتەى (پێداخستن) | لواى پۆرە (پێداچوون) |
| پۆرە سیاى (پێداهاتن) | کوتەى پۆرە (پێداکەوتن) | ماڵاى پۆرە (پێداکێشان) |
| پۆرەکوتەى (پێداکەوتن) | گرتەى پۆرە (پێداگرتن) | |

### ٣-١-١١: پێشگری (وەر):

ئەم پێشـگرە لە کرمـانجی ناوەڕاسـت بە واتـای (بەر) دێ، لە ڕووی بەشـداریکردنی ئەم پێشـگرە لە بەرهەمهێنـانی چـاوگی داڕێـژراو، لەچـاو پێشگرەکانی (هوْر، ونە، ئەرە، ئەوە) بە پێشگرێکی سست دادەنرێ، بەوەی

تەنیـا (٨) چـاوگی بەرهەمهێنـاوە، واتە بە ڕێـژەی (١٣,٣٪) بەشـداری لە بەرهەمهێنانی چاوگ کردووە.

| | | |
|---|---|---|
| وەردایەنە (تێ بەردان) | وەرکۆتەی (بەرکەوتن) | وەربیەی (بەربوون) |
| وەردایو (بەردانەوە) | وەرگیرتەی (بەرگرتن) | وەردای (بەردان) |

پێشـگری (وەر) جـگە لەوەی کە بە واتـای (بەر) دێ، بە واتـای (وەر، هەڵ)یش دێ لە کرمانجی ناوەڕاست. وەک:

وەرگرتەی (وەرگرتن).                    وەرگرتەیو (هەڵگرتنەوە).

## ٣-١-١٢: پێشگری (لا):

پێشــگری (لا) لە کرمــانجی ناوەڕاســتیش بە هەمــان واتــا دێ. ئەم پێشـگرە تەنیـا (٤) چـاوگی بەرهەمهێنـاوە، کە دەکـاتە لە سـەدا (١,٥٦%)y چاوگە داڕێژراوە بەرهەمهێنراوەکان.

| | | |
|---|---|---|
| لابەردەی (لابردن) | لادریای (لادران) | لابریای (لابران) |
| لاشیەی (لاچوون) | | |

## ٣-١-١٣: پێشگری (جەیو):

ئەم پێشگرە بە واتای (لێک) دێ. ئەم پێشگرە لە دوای پێشگری (پەک، تیـک) بە سسـتترین پێشـگر دادەنـرێ، بەوەی تەنیا توانیـویەتی (٣) چـاوگ بەرهەمبهێنــی. واتە تەنیــا بە ڕێــژەی (١٧,١٪) بەشــداریی کــردووە لە بەرهەمهێنانی وشەی نوێ لە ناو فەرهەنگدا. وەک:

جەیـوبڕیەی (لێکبـڕان)، جەیوترازنـای (لێکترازانـدن)، جەیوترازیـای (لێکترازان)

### ٣-١-١٤ پێشگری (پەک):

پێشگری (پەک) یەکێکە لە بێبەرهەمترین پێشگرەکانی شێوەزاری هەورامی و بەشێوەیەکی زۆر سست بەشداری لە بەرهەمهێنانی چاوگی داڕێژراوە دەکا، توانیویەتی تەنیا دوو چاوگ بەرهەمبهێنی، کە دەکاتە لە سەدا (٠,٧٨%)ی چاوگە بەرهەمهێنراوەکان. چاوگە بەرهەمهاتووەکانیش بریتین لە:

پەک کوتەی (پەککەوتن)، پەک وزتەی (پەکخستن)

### ٣-١-١٥: پێشگری (تیک):

ئەم پێشگرەش بە هەمان شێوەی پێشگری (پەک) بەشدارییەکی زۆر کەم دەکا، لە بەرهەمهێنانی چاوگە داڕێژراوەکان، بەوەی تەنیا دوو چاوگی بەرهەمهێناوە، واتە بە ڕێژەی (٠,٧٨%) چاوگی داڕێژراوی بەرهەمهێناوە.

تیکدای (تێکدان)، تیک شییەی (تێکچوون).

ئەوەی شایانی باسە لە فەرهەنگی وشەنامە نموونەی بەبەرهەمی پێشگرەکانی (پیک، چنە، ئەرە، پنەدا) لە بەرهەمهێنانی چاوگی داڕێژراو نەخراوەتەڕوو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا ئەم پێشگرانە بەشداری لە ڕۆنانی چاوگی داڕێژراودا ناکەن، کەچی هەندێ نموونە لەبەردەستە، کەوا دەتوانن بەشداربن لە بەرهەمهێنانی چاوگی داڕێژراو. وەک: [پیک ئامای (پێکهاتن)، پیک ئاردەی (پێکهێنان)]. (سالم حەسەن عزیز:٢٠١٦:٣٢)

پێشگری (هور) لە ڕووی بەشداریکردنی لە ڕۆنانی چاوگی داڕێژراو، بە بەبەرهەمترین پێشگر دادەنرێ لە نێو پێشگرەکانی تر بەوەی (٥١) چاوگی داڕێژراوی بەرهەمهێناوە. هەروەها پاشگرەکانی (پەک و تیک) بە

سســـتترین پێشــگر دادەنــرێن لە ڕووی بەبەرهەمــی، بەوەی تەنیــا هەر یەکێکیان (٢) چاوگی بەرهەمهێناوە.

دەکـرێ ڕێــژەی بەبەرهەمـی پێشـگرەکان لە دروسـتکردنی چـاوگی داڕێژراودا، لەم خشتەیەی خوارەوە بخەینەڕوو:

| ز | پێشگرەکان | ژمارە | ڕێژەی بەبەرهەمی |
|---|---|---|---|
| 1 | هور | 51 | 19.92% |
| 2 | ئەوە | 36 | 14.06% |
| 3 | ونە | 33 | 12.89% |
| 4 | ئەرە | 32 | 12.50% |
| 5 | پنە | 24 | 9.38% |
| 6 | چنە | 20 | 7.81% |
| 7 | ئەنە | 12 | 4.69% |
| 8 | پۆوە | 11 | 4.30% |
| 9 | بەر | 10 | 3.91% |
| 10 | پۆرە | 8 | 3.13% |
| 11 | وەر | 8 | 3.13% |
| 12 | لا | 4 | 1.56% |
| 13 | جەیو | 3 | 1.17% |
| 14 | پەک | 2 | 0.78% |
| 15 | تیک | 2 | 0.78% |
| کۆی گشتی | | 256 | 100.00% |

خشتەی ژمارە-١-

ڕێژەی بەبەرهەمی پێشگرەکان لە دروستکردنی چاوگی داڕێژراو




چارتی ژمارە-١-

## ڕێژەی بەبەرهەمیی پێشگرەکان

## ٣-٢: پاشگرەکان:

پاشگرەکانی شێوەزاری هەورامی لە ڕووی ژمارەوە لە پێشگرەکانی شێوەزاری هەورامی کەمترن، تەنها چوار پاشگر هەیە بەشداری لە ڕۆنانی چاوگی داڕێژراو دەکەن. هەروەها لە ڕووی بەبەرهەمییانەوە پاشگرەکان وەکو پێشگرەکانی شێوەزارەکە بەبەرهەم نین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیویانە (٩٨) چاوگ بەرهەمبهێنن، کە دەکاتە لە سەدا (٦٨.٢٧%)ی چاوگی بەرهەمهاتووەکان.

پاشگرەکانیش بریتین لە: (نای، منە، مرە، وْ).

### ٣-٢-١: پاشگری (نای):

ئەم پاشـگرە لە کرمـانجی ناوەڕاسـت بە واتـای (انـدن) دێ، ئەم پاشــگرە بە بەبەرهەمتــرین پاشــگر لە پاشــگرەکانی شــێوەزاری هەورامی دادەنرێت. لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە پاشگری (نـای) ئەرکی ئەوەیە کە چاوگی بنەڕەتی تێنەپەڕ بکا بە چاوگی تێپەڕ، کە چاوگێکی داڕێـژراوە و توانیـویەتی (٤٤) چـاوگی داڕێـژراو دروسـت بکـا. کە دەکاتە ڕێژەی (٤٤.٩٠%)ی چاوگی بەرهەمهاتوو.

| | | |
|---|---|---|
| بەزنای (بەزاندن) | گونجنای (گونجاندن) | کونای (کوتاندن) |
| تاسنای (تاساندن) | تشنای (ترشاندن) | دونای (دواندن) |
| سورچنای (سووتاندن) | توپنای (تۆپاندن) | تورنای (تۆراندن) |
| توقنای (تۆقاندن) | تەپنای (تەپاندن) | تەرسنای (ترساندن) |
| تەقنای (تەقاندن) | خشنای (خشاندن) | خەسنای (خساندن) |
| شیونای (شێواندن) | دورنای (دۆراندن) | جوولنای (جووڵاندن) |
| سووڕنای (سووڕاندن) | شانای (وەشاندن) | فەوتنای (فەوتاندن) |
| قوپنای (قۆپاندن) | قومنای (قەوماندن) | قووچنای (نووقاندن) |
| قیڕنای (قیڕاندن) | قیژنای (قیژاندن) | گراونای (گریاندن) |
| توکنای (تەکاندن) | بریشتەی (برژاندن) | لکنای (لکاندن) |
| ماڕای (شکاندن) | ریزنای (دارزاندن) | وڕنای (ڕووخاندن) |
| پرنای (پەراندن) | هورئیزنای (هەڵساندن) | ئەوەژوونای (بووژاندنەوە) |
| ئەوەڕووتنای (ڕووتاندنەوە) | ئەوەدروشنای(درەوشاندنەوە) | ئەوەکوشنای (کوژاندنەوە) |
| قرچنای (قرچاندن) | هورسەنگنای (هەڵسەنگاندن) | خولنای (خوولاندن) |
| کولنای (کولاندن) | چەمنای (چەماندن) | |

### ٣-٢-٢: پاشگری (ەنە):

ئەم پاشگرە بە دوو واتا دێ، یەکەمیان بە واتای (تێ) و دووەمیان بە واتای (پێدا) دێ، پاشگری (ەنە) لە ڕووی بەبەرهەمییەوە لە هەورامیدا لە دوای پاشـگری (نـای) دێ و توانیـویەتی (٢٤) چـاوگ بەرهەمبهێنـی و بە ڕێژەی (٢٤.٤٩٪) بەشداریی کردووە لە ڕۆنانی چاوگی داڕێژراو.

١- بە واتای (تێ):

| | | |
|---|---|---|
| ئاوردەیەنە (تێهێنان) | وەردایەنە (تێ بەردان) | ئازتەیەنە (تێ چەقاندن) |
| پریایەنە (تێ پران) | چەقایەنە (تێچەقین) | مەڕیاینە (تێ شکان) |
| پریەینە (تێ پرین) | وستەیەنە (تێخستن) | ئاردەیەنە (تێهێنان) |
| گرتەینە (تێگرتن) | کۆتەیەنە (تێکەوتن) | یاوایەنە (تێ گەیشتن) |
| فکریاینە (تێڕامان) | لوایەنە (تێچوون) | یاوانایەنە (تێ گەیاندن) |
| کەردەیەنە (تێ کردن) | نایەنە (تێنان) | کوایەنە (تێ کوتین) |
| وەربیەینە (تێ بەربوون) | | |

٢- بە واتای (پێدا):

| ەنە (پێدا) | | |
|---|---|---|
| ئازتەینە (پێداکردن) | کۆتەیەنە (پێداکەوتن) | لوایەنە (پێداچوون) |
| ئامایەنە (پێداهاتن) | گرتەیەنە (پێداگرتن) | |

ئەم پاشگرە لە شێوەزاری هەورامیدا پێشگرێکی بە هەمان ئەرک و واتا و فۆرمەوە هەیە، کە دەکرێ بڵێین هەمان گیرەکن، بەڵام لە زۆربەی سەرچاوەکاندا بە دوو گیرەکی جیاواز دانراون.

**٣-٢-٣: پاشگری (ەرە):**

پاشگری (ەرە) لە کرمانجی ناوەڕاست بە واتای (دا، ڕا) دێ، ئەم پاشگرەش هەروەکو پاشگری (ەنە) پێشگرێکی هەیە کە (ئەرە)یە، لە ڕووی بەرهەمهێنانیشەوە پێشگرەکە لە پاشگرەکە بەبەرهەمترە، بۆیە دەکرێ بە هەمان گیرەک دابنرێن.

لە ڕووی بەرهەمهێنانی چاوگی نوێ، ئەم پاشگرە بە ڕێژەی لە سەدا (١٩.٣٩%) بەشداریی کردووە لە بەرهەمهێنانی چاوگی داڕێژراو، کە بە (١٩) چاوگ فەرهەنگی شێوەزارەکەی دەوڵەمەند کردووە.

| | | |
|---|---|---|
| ئامایەرە (ڕاهاتن) | مەنەیەرە (ڕاوەستان) | ڕیزنایەرە (داڕزاندن) |
| وزتەیەرە (ڕاخستن) | ماڕایەرە (داشکاندن) | شانایەرە (داوەشاندن) |
| پڕیەیرە (داڕان) | تکنایەرە (داتکاندن) | تەپایەرە (داتەپین) |
| کوایرە (داکوتان) | نیشتەیەرە (دانیشتن) | کیشتەیرە (ڕاکێشان) |
| بینایرە (دابەستن) | پۆژنایرە (داپۆشین) | شوکنایەرە (ڕاوەشاندن) |
| گرتەیرە (داگرتن) | دڕیەیەرە (دادڕین) | فەتەتیایەرە (داڕزان) |
| ئاردەیەرە (داهێنان) | | |

## ٣-٢-٤: پاشگری (ۆ):

ئەم پاشگرە بە واتای (ەوە) دێ، بە سستترین پاشگری هەورامی دادەنرێت، بەوەی (١١) جار بەشداریی کردووە لە بەرهەمهێنانی چاوگی داڕێژراو، واتە بە ڕێژەی (١١.٢٢%) بەشداری کردووە لە ڕۆنانی چاوگە داڕێژراوەکانی هەورامی. ئەم پاشگرە تەنیا دەچێتە سەر چاوگی بنەڕەت و دەیکا بە چاوگێکی داڕێژراو.

| | | |
|---|---|---|
| وادایو (بادانەوە) | کیشتەیو (کێشانەوە) | ورازیایو (دورینەوە) |
| کیانایو (ناردنەوە) | ئاوردەیو (هێنانەوە) | گیڵایو (گەرانەوە) |
| پڕایو (پەڕینەوە) | دایو (دانەوە) | گەشیایو (گەشانەوە) |
| کەردەیو (کردنەوە) | ویڵیایو (هەڵگەڕانەوە) | |

پاشگری (نای) بە بەبەرهەمترین پاشگر لەچاو پاشگرەکانی تری شێوەزاری هەورامی دادەنرێت، بەوەی (٤٤) جار بەشداریی لە ڕۆنانی چاوگی داڕێژاو کردووە، هەرچی پاشگری (و)ە، لە ڕووی بەرهەمهێنانی چاوگی داڕێژراو، ئەوا بە سستترین پاشگر دادەنرێ لەنێو پاشگرەکانی هەورامیدا.

ڕێژەی بەبەرهەمی پاشگرەکانی هەورامی لە دروستکردنی چاوگی داڕێژراو، لەم خشتەیەی خوارەوە خراوەتەڕوو:

| ژ | پاشگرەکان | ژمارە | ڕێژەی بەبەرهەمی |
|---|---|---|---|
| 1 | نای | 44 | 44.90% |
| 2 | ەنە | 24 | 24.49% |
| 3 | ەرە | 19 | 19.39% |
| 4 | ۆ | 11 | 11.22% |
| کۆی گشتی | | 98 | 100.00% |

خشتەی ژمارە-٢-

ڕێژەی بەبەرهەمی پاشگرەکان




چارتی ژمارە-٢-

**ڕێژەی بەبەرهەمیی پاشگرەکان**

لە ڕووی بەبەرهەمییەوە پێشگرەکان لە پاشگرەکان بەبەرهەمترن و توانیویانە زیاتر بەشداری لە بەرهەمهێنانی وشەی نوێ (چاوگی نوێ)دا بکەن و ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبێ لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی شێوەزارەکەدا، بەوەی پێشگرەکان (٢٥٦) چاوگی داڕێژراویان

بەرهەمهێنــاوە و پاشــگرەکانیش تەنیــا (٩٨) چاوگیــان بەرهەمهێنــاوە. هەروەک لەم خشتەیەی خوارەوە خراوەتەڕوو.

| ڕێژەی بەبەرهەمی | ژمارە | جۆر | ز |
|---|---|---|---|
| 72.32% | 256 | پێشگر | 1 |
| 27.68% | 98 | پاشگر | 2 |
| 100.00% | 354 | کۆی گشتی | |

خشتەی ژمارە-٣-

ڕێژەی بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دروستکردنی چاوگی داڕێژراودا




وێنەی ژمارە-١-

بەبەرهەمیی گیرەکەکان لەدروستکردنی چاوگی داڕێژراو لە هەورامیدا

گیرەکەکـــانی هەورامـــی بە هەموویـــان توانیویـــانە (٣٥٤) چـــاوگی داڕێـژراو بەرهەمبهێنن، فەرهەنگی زمـانیش بەو ژمـارە چاوگە داڕێـژراوە دەوڵەمەند بکەن، پێشگری (هور) و پاشگری (نای) بەبەرهەمترین پێشگر و پاشـگری شـێوە زارەکە دادەنـرێن لە بەرهەمهێنـانی چـاوگی داڕێـژراودا. دەکرێ ڕێژە و ژمارەی چاوگی داڕێژراوی بەرهەمهاتوو، هەروەها جۆری گیرەکەکان، لەم خشتەیەی خوارەوە بخەینەڕوو:

| ز | گیرەکی وشەدارێژ | جۆر | ژمارە | ڕێژەی بەبەرهەمی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هور | پێشگر | 51 | 14.41% |
| 2 | ئەوە | پێشگر | 36 | 10.17% |
| 3 | ونە | پێشگر | 33 | 9.32% |
| 4 | ئەرە | پێشگر | 32 | 9.04% |
| 5 | پنە | پێشگر | 24 | 6.78% |
| 6 | چنە | پێشگر | 20 | 5.65% |
| 7 | ئەنە | پێشگر | 12 | 3.39% |
| 8 | پۆوە | پێشگر | 11 | 3.11% |
| 9 | بەر | پێشگر | 10 | 2.82% |
| 10 | پۆرە | پێشگر | 8 | 2.26% |
| 11 | وەر | پێشگر | 8 | 2.26% |
| 12 | لا | پێشگر | 4 | 1.13% |
| 13 | جەیو | پێشگر | 3 | 0.85% |
| 14 | پەک | پێشگر | 2 | 0.56% |
| 15 | تیک | پێشگر | 2 | 0.56% |
| 16 | نای | پاشگر | 44 | 12.43% |
| 17 | ەنە | پاشگر | 24 | 6.78% |
| 18 | ەرە | پاشگر | 19 | 5.37% |
| 19 | ۆ | پاشگر | 11 | 3.11% |
| کۆی گشتی | | | 354 | 100.00% |

خشتەی ژمارە-٤-

رِێژەی بەبەرهەمیی گیرەکەکان لە دروستکردنی چاوگی داڕێژراودا
لە هەورامیدا



**ئەنجامەکان:**

- پێشــــگرەکانی هەورامـــی لە چــاو پاشـــگرەکانی شـــێوەزارەکە بەبەرهەمتـــرن و ڕۆڵیـــان زیـــاترە لە دارشـــتنی چـــاوگی دارێـــژراو و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی شێوەزارەکە.

- هەنـدێ لە گیرەکەکـانی هەورامـی دەتـوانن بە هەر دوو شـێوەی پێشگر و پاشگر بە هەمان ئەرک و واتاوە بێن و بە هەردوو شێوەکەش لە فەرهەنگ تۆمارکراون.

- پێشـگری (هـور) بە بەبەرهەمتـرین گیرەکـی شـێوەزاری هەورامـی دادەنرێـت، بەوەی بەشـداری لە بەرهەمهێنـانی (٥١) چـاوگی دارێـژراودا کـــردووە، کە دەکـــاتە لە ســـەدا (١٩,٩٢%)ی چـــاوگە دارێژراوەکـــانی شێوەزارەکە و گیرەکەکانی (پەک و تیک) بە سستترین گیرەک دادەنرێن، بەوەی هەر یەکێکیـان تەنهـا دوو چاوگیـان بەرهەمهێنـاوە، بە ڕێـژەی (٠,٧٨%) چاوگی بەرهەمهاتوو.

- پاشـگری (نـای) بەبەرهەمتـرین پاشـگری شـێوەزاری هەورامیـیە، توانیویەتی (٤٤) جار بەشداری بکا لە ڕۆنانی چاوگی دارێژراو.

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردییەکان:

- ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٧)، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، لە چاپکراوەکانی کۆری زانیاری کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

- ............................... (٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم(وشەسازی)، بەشی پێنجەم(کردار)، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- دلێر سادق کانەبی و سامی حوسێن قادر (٢٠١٨)، بەبەرهەمیی پرۆسەی لێکدان لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری توێژەر، ژ. ٢، بەرگی ١.

- ڕەفیق شوانی (٢٠٠١)، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

- ڕەفیق شوانی (٢٠١١)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

- سالم حەسەن عزیز (٢٠١٦)، کرداری داڕێژراو لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- سەعید کەرەمی (١٣٩٦)، وشەناسیی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، پەخشانگای زانستگای کوردستان.

- شیروان حوسێن خۆشناو (٢٠١٦)، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

- صباح ڕشید قادر(٢٠٠٠)، هاوبێژی و فرەواتایی لە (گیرەک)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ (٢٠١٤)، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٢)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر.

- عەبدولوەهاب خالید موسا (٢٠٠٩)، هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کوردیی ژووروودا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

- لێژنەی زمان و زانستەکان لە کۆڕی زانیاری کورد (٢٠١١)، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

- محەمەد عومەر عەول(٢٠١٠)، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لەڕووی دارشتن و ئەرکەوە، گۆڤاری مەڵبەندی کوردۆلۆجی، ژ.٣، سلێمانی.

- محەمەد مەعرووف فەتاح(٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- مهاباد کامل عبدالله (١٩٩٦)، کار لە کرمانجی خوارو و هەورامیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.

- نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠١٠) بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

**سەرچاوە فارسییەکان:**

- هاشم رضی (١٣٦٨)، دستور زبانی اوستایی، چاپ اول، سازمان انتشارات فروهر، تهران.

**ملخص:**

هذا البحث موسوم ب (انتاجية لواصق المصادر المشتقة في اللهجه الهورامية)، الهدف من هذا البحث هو استكشاف نسبة انتاجية اللواصق الهورامية في بناء المصادر المشتقة، واي اللواصق اكثر انتاجية من اللواصق الاخرى في انتاج المصادر المشتقة؟ وهل السوابق اكثر انتاجا ام اللواحق في انتاج المصادر المشتقة؟ وقد تم دراسة الموضوع من منظور الوصفي مستندا الى الاحصاء، يتكون البحث ماعدا المقدمة و الخاتمة من مبحثين رئيسين وهما:

المبحث الاول: يتضمن العناوين التالية: تعريف اللواصق، انواع اللواصق المنتجة لكلمة، اللواصق في اللهجة الهورامية، طروق بناء الكلمة الجديدة في اللغة الكوردية، انواع المصادر من حيث التكوين.

ام المبحث الثاني فيتناول المواضيع التالية: تعريف انتاجية، مختصر عن قاموس وشةنامه، انتاجية اللواصق الهورامية.

في خاتمة البحث تم التوصل الى النتائج التالية: ان السوابق و اللواحق في اللهجة اداة منتجة ولهم قدرة كبيرة في انتاج عدد كبير من الكلمات الجديدة، وان السوابق في الهورامية اكثر انتاجا من اللواحق وكذلك لهم دورا بارزا في اغناء قاموس اللغوي.

**الكلمات المفتاحية:** انتاجية، اللواصق، اللواحق، المصادر المشتقة، هورامي.

**Abstract:**

This study is entitled ‘The Productivity of Affixes of Words Derived from Bases in Hawrami Dialect’. The objective of the study is to investigate the rate and level of productivity of Hawrami dialects affixes that form words in the formation of derived bases, also which of these prefixes and suffixes are more productive at deriving new words (derived base). The study is conducted through the descriptive methodology that is based on statistics. It is consisted of two sections, an introduction, and a conclusion. The first section includes the following topics; definition of adhesives, type of adhesives that produce words, adhesives in Hawrami dialect, methods of deriving new words in Kurdish Language, and types of bases in terms of formation. The second section touches upon the following topics; definition of productivity, a brief about Wshanama Dictionary, productivity of Hawrami affixes. It is concluded with the following result; Prefixes in Hawrami dialect are more productive compared to suffixes, and they have a greater role than suffixes in enriching the linguistic dictionary.

**Keywords:** Productivity, Affixes, Suffix, Derived base, Hewrami.